# یاریزانێکی خولی دانیمارک پێوەندی بە یانەی هەولێرەوە کرد

هەفتەی رابردوو کوردێکی وڵاتی دانیمارك پێوەندی بە مەشقەکانی یانەی هەولێرەوە کرد بۆ ئەوەی راهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ لە نزیکەوە ئاگاداری ئاستی ئەم یاریزانە بێت.
مستەفا حەسەن لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و لە تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووانی یانەی برۆندبی دانیمارك یاری کردووە و ئێستا لە تیپی یەکەمی ئەم یانەیە یاری دەکات، یانەی برۆندبی یەکێکە لە یانە هەربەهێزەکانی دانیمارك و خاوەن چەندین دەستکەوتی گەورەیە، ئەم یاریزانە چەندین جار بانگهێشتی هەڵبژاردەی لاوان و تازەپێگەیشتووانی دانیمارك کراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی رەگەزنامەی دانیمارك نەیتوانی بۆ ئەم دوو هەڵبژاردەیە یاری بکات بۆیە یەکێتی تۆپی پێی دانیمارك بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەم یاریزانە وەربگرێت رەگەزنامەی دانیمارك-ی بۆ ئەم یاریزانە وەرگرت دووبارە بانگهێشتی هەڵبژاردەی لاوان-ی دانیمارك کرا، بەڵام مستەفا حەسەن گەڕایەوە شاری هەولێر و گۆڵکاری خولی لاوان بوو کاتێك توانی لە ٢٣ یاری ٣٢ گۆڵ تۆمار بکات.
دوای ئەوەی لە چەند مەشقێکی یانەی هەولێر بەشداری کرد و راهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ بە وردی چاودێری ئەم یاریزانەی کرد دواتر مستەفا حەسەن پێوەندی بە ریزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق کرد و چەندین مەشقی لەگەڵ ئەنجام دا.
ئەم یاریزانە ئەگەر بایەخی پێبدرێت دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات.



## یانەی هەولێر بە بڕی شەش هەزار دۆلار سزادرا

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا یانەی هەولێر بە بڕی شەش هەزار دۆلار سزا بدات.
دوای ئەوەی لە یارییەکی هەردوو یانەی هەولێر و کەرامەی سووری لە چوارچێوەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی، کە لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، یەکێك لە هاندەران لێزەر-ی بەکار هێنا ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیایە بۆیە یانەی هەولێر بە بڕی هەزار دۆلار سزا درا، هەر لە هەمان یارییدا بەهۆی نەگەیشتنی DVDی یارییەکە بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، بۆیە بڕیاردرا یانەی هەولێر بە بڕی پێنج هەزار دۆلار سزبدات.
لە هەمان کاتتدا یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا یانەی هەولێر-ی ئاگادارکردۆتەوە ئەگەر ئەم کەمتەرخەمیانە دووبارە ببێتەوە ئەوە سزای توندتر دەدرێت.

## باشترینەکانی خولەکانی ک

لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە ئامادەبوونی راهێنەرانی یانە بەشداربووەکانی خولی کوردستان و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی هەر یەك لە خولەکانی پلە یەك وپلە نایاب و تازەپێگەیشتووان ولاوان دەستنیشان کران و هەریەك لە ڕاگەیاندکاران وڕاهێنەرانی یانەکان دەنگیان بۆ دەستنیشان کردنی باشترینەکانی خولەکانی کوردستان بۆ وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١، ئەم دەنگدانە بەشێوەیەکی نهێنی بوو، ئەنجامەکان بەمشێوەیە بوو.

**خولی پلە یەکی کوردستان**

باشترین گۆڵچی: حەسەن حوسێن یانەی شێروانە ٢٦خاڵ
باشترین یاریزان: هونەر ئەحمەد یانەی شێروانە ٢٨خاڵ
باشترین ڕاهێنەر: زیاد مەحمود یانەی هەلۆ ٢٠خاڵ



# یانەی دهۆک بەهۆی ئاژاوەی جەماوەر لە جامی یەکێتی ئاسیا سزادرا

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا چەندین یانەی سزا دا، لەمبارەیەوە سەمیر بەرواری بەرپرسی راگەیاندنی یانەی دهۆك لە لێدوانێکی تایبەتدا وتی: دوای ئەوەی لە یارییەکی هەردوو یانەی دهۆك و فەیسەڵی ئوردنی لە چوارچێوەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی هاندەرانی یانەی دهۆك چەندین شتیان بۆ نێو یاریگە فڕێدا وەکو نارەزایی لەسەر بڕیارەکانی ناوبژیوانی یارییەکە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا یانەی دهۆك بە بڕی ٦٠٠٠ هەزار دۆلار سزا بدات لە هەمان کاتتدا یانەی دهۆکی ئاگادار کردۆتەوە ئەگەر ئەم رووداوە دووبارە ببێتەوە ئەوە سزای قورستر لەسەر یانەکە دەچەسپێنێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا سەمیر بەرواری وتی: داوا لە هاندەرانی یانەی دهۆك دەکەم ئەم کارانە دووبارە نەکاتەوە لە یارییەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی یارییەکانی یانەکەمان لە جامی یەکێتی ئاسیا لە یاریگەی دهۆك بۆ یاریگایەکی تر نەگوازرێتەوە.

# کوردێک بەشداری لە پاڵەوانێتی جیهان-ی کرد لە یاری تایکواندۆ

دوای ئەوەی پاڵەوانێتی جیهان لە یاری تایکواندۆ لە وڵاتی کۆریا-ی باشوور بەڕێوەچوو بە بەشداریکردنی چەندین یاریزانی وڵاتی جیهانی لەم پاڵەوانێتیە و یەکێك لە وڵاتە بەشداربووەکان هەڵبژاردەی عێراق بوو.

مەحمود سەردار یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و لە دایکبووی شاری هەولێرە تاکە یاریزانی کورد بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد و لە قۆناغی یەکەم لە کێشی ٥٨کگم بەرانبەر یاریزانێکی وڵاتی بولگاریا دۆڕا.

لە لێدوانێکی تایبەتدا مەحمود سەردار وتی: لەم پاڵەوانێتیە ١٤٤ وڵات بەشدارییان کرد و زیاتر لە ٢٠٠٠ یاریزان بەشدارییان کرد و پاڵەوانێتیەکی یەکجار بەهێز بوو بە داخەوە لە قۆناغی یەکەم تووشی دۆڕان هاتم بەرانبەر یاریزانێکی بولگاریا ئەمەش بەهۆی خۆئامادەنەکردنی و نەبوونی لێهاتووی جەستەیی بوو ئەگەر ئامادەکردنم وەکو پێویست با دەمتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت

لە کۆتایی قسەکانیدا مەحمود سەردار وتی: هەڵبژاردەی عێراق بە سێ یاریزان بەشداری لەم پاڵەوانێتیە کرد هەر سێ یاریزان لە قۆناغی یەکەمماڵئاواییان لەم پاڵەوانێتیە کرد.



## ـــوردستان دەستنیشان کران

**خولی پلە نایابەکانی کوردستان**

باشترین گۆڵچی: دیدارحامد یانەی هەولێر ٣٣خاڵ

باشترین یاریزان: عەلی عەزیز یانەی ئارارات ٢٨خاڵ

باشترین ڕاهێنەر: سەمەد جەوهەر یانەی هەندرێن ٢٥خاڵ

**خولی لاوان**

باشترین گۆڵچی: هێرش غێدان یانەی سلێمانی ٢٣خاڵ

باشترین یاریزان: چیا ناجی یانەی زاخۆ ٢٢خاڵ

باشترین ڕاهێنەر: عەبدولقادر حوسێن یانەی هەولێر ٣٢خاڵ


**خولی تازەپێگەیشتوان**

باشترین گۆڵچی: ئەحمەد بەشار یانەی هەولێر ٢٤خاڵ

باشترین یاریزان: سۆران تاهیر یانەی هەولێر ١٩خاڵ


باشترین ڕاهێنەر: یوسف کاکێ یانەی هەولێر ٣٤خاڵ





## فابریگاس هاندەری بەرشلۆنەیە لە ویمبلی

سەرەڕای ئەوەی یانەی بەرشلۆنە هۆکاری دوورخستنەوەی یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی بوو لە قۆناغی ١٦ی خولـــی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەوەش بووە هۆی نائومێدی یاریزانی یانەی ناوبراو سیســـك فابریگاس لە بەدیهێنانی خەونە گەورەکەی لە بردنەوەی ئەم نازناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوشـــدا یاریزان فابریگاس هاندەری یانەی بەرشـــلۆنە دەبێت لە یاری کۆتایی بەرامبەر یانەی مانچســـتەر یونایتد کەوا بڕیارە لە ٢٨ی ئایار لە یاریگای ویمبلی لە شـــاری لەندەن ئەنجام بدرێت، ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی دووپاتیکردەوە فابریگاس لە ناو یاریگای ویمبلی ئامادە دەبێت وەك هاندەرێکی یانەی بەرشلۆنە کە پێشتر لەم یانەیە دەستی بە یاریکردن کردووە، ڕۆژنامەکە ئەوەشی روونکردەوە کە فابریگاس پێوەندییەکی دۆستانەی بەهێزی لەگەڵ یاریزانانی بەرشلۆنە هەیە بەتایبەتی ئەو یاریزانانەی لە قوتابخانەی لاماسیا گەورە بوون وەك جیرارد پیکی و کارلیس پیۆل و ڤکتۆرڤالدیس و ئەنیێستا و زا ڤی.
لە ژێر ناونیشانی سیخوری پیپ لە وڵاتی ئینگلیز ڕۆژنامەکە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات ڕاهێنەری بەرشلۆنە پیپ گواردیۆلا لەوانەیە سوود لە ئەزموونی فابریگاس وەربگرێت لە خولی ئینگلتەرا و یاریکردنی بەرامبەر مان یونایتد بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شەیتانە سوورەکان .



## ئەتلەتیکۆ مەدرید ماڵئاوایی لە ڕاهێنەرەکەی کرد

کیکی سانشیز فلۆریس ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بە فەرمی ڕایگەیاند لە کۆتایی ئەم وەرزەی خولی ئیســـپانیا واز لەئەرکی ڕاهێنانی یانـــەی ئەتلەتیکۆ دەهێنێت، کیکـــی فلۆریس بە ڕۆژنامەنووســـانی ئیســـپانیای ڕاگەیاند کە یاری یانەکەی بەرامبەر ئیرکۆلیـــس لە هەفتەی ٣٧ی لالیگا دوا یاری بوو بۆ ئـــەو وەك ڕاهێنەر لەگەڵا یانەی ئەتلەتیکۆ لە یاریگای ڤیسینتی کالدیرۆن، لە لایەکی دیکەوە هاندەرانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە گەرمی ماڵئاواییـــان لە کیکی کـــرد لە دوای تەواو بوونی یارییەکە لەو کاتەی سوپاسیان کرد بـــۆ ماندووبوونـــی لە مـــاوەی ڕابردوو بەتایبەتی لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئەوروپا ( یۆروپا لیگ ) لە وەرزی ڕابردوو لەگەلأ بەدەستهێنانی نازناوی جامی سوپەر لە بەرامبەر یانەی ئینتەرمیلان پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.
بە پێی ڕاپۆرتـــە ڕۆژنامەوانییەکان یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریـــد نزیکـــە لەهێنانی ڕاهێنـــەر لویس ئەنریکی ڕاهێنەری تیپی دووەمی یانەی بەرشـــلۆنە بۆ ئەوەی شـــوێنی کیکی فلۆریس بگرێتەوە، لە هەمان کاتتدا ڕاهێنەر کیکـــی فلۆریس لەوانەیـــە ببێتە ڕاهێنەری یانەی ئەستۆنڤیلای ئینگلیزی.



## نرخی کاکا ٥٨ ملیۆن یۆرۆیە

ڕۆژنامەی بیبۆلی بەریتانی ڕایگەیاند یاریزان و ئەســـتێرەی بەرازیلی ریکاردۆ کاکا ڕێگای پێدراوە یانەی ریال مەدرید بەجێبهێڵێت بۆ ئەو یانەیەی کە ئامادەیە بڕی ٥٨ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی شـــاهانە وەك نرخی ئەم یاریزانە، ڕۆژنامەکە ئەوەشـــی ڕوونکردەوە جۆزێ مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید لە دانیشـــتنێکدا لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەکەی دووپاتی کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە ڕۆیشتنی کاکا نادات بە کەمتر لە نرخی ٥٨ ملیۆن یۆرۆ.
بە پێی ئەم نرخە ڕێگا لە بەردەم یانەی مانچســـتەر سیتی کراوەتەوە بۆ مۆرکردنی بۆندێك لەگەڵ کاکا بە تایبەتی کە خاوەنی یانە مەنســـور بن زاید دەمێکە هەوڵی کڕینەوەی کاکا دەدات، لـــە لایەن خۆیەوە یاریزان کاکا حەز ناکات لـــە خولی ئینگلتەرا یاری بکات بەڵکو ئارەزووی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ یانەی ئەی ســـی میلان کە پێشـــتر کاکا یاری بۆ کـــردووە بەڵام ئەو نرخە بـــەرزە کە مۆرینهۆ دیاری کردووە بەربەســـتێکی گەورەیە لە بەردەم گەڕانەوەی کاکا بۆ میلان.
پێش چەند هەفتەیەك ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بڵاوکرایەوە کـــە تیایدا ئاماژە بە ناوی نـــۆ یاریزان کرابوو کە ڕاهێنەر مۆرینهۆ بڕیاری داوە دەســـت بەردار بیان بێت لە پێش هەموویان ناوی کاکا لە خانەی یەکەم هاتبوو.



## جۆن تێری..
# لە ستامفۆرد بریدج کۆتایی بە ژیانی وەرزشی دەهێنێت

جۆن تێری کاپتنی یانەی چێلسی هیوای ئەوەی خواست لە یاریگای ستامفۆرد بریدج کۆتایی بە ژیانی وەرزشی خۆی بهێنێت و ماڵئاوایی لە جیهانی تۆپی پێ بکات، هەروەها ئەوەشی دووپات کردەوە هەوڵ دەدات بەم نزیکانە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی چێلسی درێژ بکاتەوە کە خۆشترین و باشترین کاتەکانی لەگەڵ ئەم یانەیە بووە،، بۆندی تێری لەگەڵ بلوز لە ساڵی ٢٠١٣ کۆتایی دێت، جۆن تێری ئەوەشی ئاشکرا کرد لەگەڵ هیچ یانەیەکی دیکە یاری ناکات.

جۆن تێری لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان وتی: من هیوادارم بۆندەکەم بە لانی کەمەوە بۆ ساڵێکی دیکە درێژ بکەمەوە، هەوڵدەدەم تا دەتوانم لێرە بەردەوام بم، من ئەو یانەیەم خۆش دەوێت و حەز ناکەم هەرگیز بەجێی بهێڵم. هەروەها تێری وتی: من وەك جەماوەر، یانەی چێلسی بە ماڵی خۆم دەزانم، لێرە چەندین ساڵە یاری دەکەم و دەسکەوتی گەورەمان بەدەست هێناوە، من خۆم بە بەختەوەر دادەنێم کە کاپتنی ئەو تیپەم.

شایانی باسە جۆن تێری لەگەڵ یانەی چێلسی سێ نازناوی خولی ئینگلتەرا و چەندین جارجامی ئینگلتەرا و جامی کارلینگی بەدەست هێناوە.





# لە ڕۆما.. جۆکۆڤیج و شاراپۆڤا دەدرەوشێنەوە

لە شاری ڕۆما یارییەکانی پاڵەوانیەتی ڕۆما ماستەرز لە یاری تێنسی سەر زەوی کۆتایی هات، هەریەك لە یاریزانان نۆڤاك جۆکۆڤیج لە سەر ئاستی پیاوان و ماریا شاراپۆڤا لە سەر ئاستی کچان نازناوەکەیان بەدەست هێنا، لە یاری کۆتایی پیاواندا یاریزانی سربیا نۆڤاك جۆکۆڤیج پۆلینکاری دووەمی جیهان ڕووبەڕووی یاریزانی ئیسپانیا ڕافییل نادال پۆلینکاری یەکەمی جیهان بۆوە، لە دوای یارییەکی ئاست بەرزدا جۆکۆڤیج جامەکەی بەدەستهێنا دوای سەرکەوتنی بەسەر یاریزان نادال بەدوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٤، ٦-٤) بوو، بەم سەرکەوتنە یاریزان جۆکۆڤیج سەرکەوتنی ژمارە ٣٨ لەسەریەك تۆمار کرد و نازناوی ژمارە ٧ی لە ساڵی ٢٠١١ بەدەست هێنا، تەنها ٤ سەرکەوتنی دیکە جۆکۆڤیج دەسکەوتێکی مێژوویی تۆمار دەکات لە سەرکەوتنە یەك لەوی یەکەکان لەسەرەتای ساڵەوە کە ژمارەی پێشوو بەناوی یاریزانی ئەمریکی جۆن ماکنرۆیە کە ٤١ سەرکەوتنی لە سەر یەکە بە بێ دۆڕاندن، لە هەمان کاتتدا جۆکۆڤیج نزیك دەبێتەوە لە وەرگرتنی پلەی یەکەم پۆلینکاری جیهانی لە یاریزان نادال بە تایبەتی لە پاڵەوانیەتی ڕۆلان گارۆس کەوا بڕیارە ئەمڕۆ ٢٢ی ئایار لە شاری پاریس یارییەکانی دەست پێبکات.

لە یاری کۆتایی کچاندا، کچە یاریزانی شۆخ وشەنگی ڕووسیایی ماریا شارپۆڤا نازناوەکەی بە دەست هێنا دوای سەرکەوتنی بەسەر کچە یاریزانی ئوستورالیایی سامانسا ستۆسەر بە دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٢، ٦-٤) بوو.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# چەندین ئەندام خۆیان بۆ هەڵبژاردەنی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەڵبژارد



هەفتەی رابردوو دەرگای پاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی و ئەندامیتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرایەوە، لەمباریەوە عەبدولخالق مەسعود ئەمینداری دارایی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا وتی: رۆژی یەکشەممە بەفەرمی دەرگای پاڵاوتن بۆ ئەندامیتی و سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرایەوە و لە رۆژی یەکەم چەندین کەسایەتی وەرزشی پاڵاوتنی خۆی پێشکەش بە یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا عەبدولخالق مەسعود وتی: خۆم بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق پاڵێوراوە و بەفەرمی داوایەکەم پەسند کرا لە هەمان کاتدا هەریەکە لە هادی جەواد و محەمەد صاحب و کازم محەمەد سوڵتان خۆیان بۆ ئەندامێتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاندید کردووە و فەلاح حەسەن خۆی بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاندید کردووە و چاوەڕوان دەکرێت چەندین کەسایەتی تر خۆیان بۆ ئەندامێتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق پاڵێوراو بێت.



# لە جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی..

سبەی سێشەممە هەردوو نوێنەری کوردستان لە جامی یەکێتی ئاسیا دوو یاری چارەنووساز ئەنجام دەدەن.

یانەی دهۆك لەسەر یاریگای خۆی لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی لە یارییەکی چارەنووسازدا میوانداری یانەی دیمبۆی هیندی دەکات لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی، بە دەستهێنانی سەرکەوتن بۆ یانەی دهۆك هەلێکی زێڕینە،چونکە یەکمجارە یانەی دهۆك بگاتە قۆناغی شانزدەی ئەم پاڵەوانێتیە.

هەر لە هەمان رۆژ یانەی هەولێر لەسەر یاریگای خۆی لەبەردەم هاندەرانی خۆیدا یاریزانانی قەڵای زەرد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێدا ڕووبەڕووی یانەی

# گۆڵکارانی خولەکانی کوردستان پەسند کران




دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی خولەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی بۆ نایاب و پلە یەك و لاوان و تازەپێگەیشتووان، یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بەفەرمی گۆڵکارانی ئەم خولانەی ئاشکرا کرد، کە بەمشێوەیە خوارەوە بوو.

**خولی نایابی کوردستان**

نەوزاد شێرزاد  یانەی هەولێر ١٦گۆڵ

**خولی لاوان**

فەرهەنگ وریا  یانەی هەولێر  ١٢گۆڵ

**خولی تازەپێگەیشتووان**

شاخەوان سەباح یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و ئاسۆ سەباح یانەی بروسك ١١ گۆڵ

**خولی پلە یەکی کوردستان**

میران کەریم یانەی برایەتی و هونەر ئەحمەد لە یانەی شێروانە ١٤ گۆڵ.



## هەولێر و دهۆک دوو یاری چارەنووسساز ئەنجام دەدەن

تامبینس ڕۆڤـەرزی وڵاتی سـەنگافورە دەبێتەوە، یانەی هەولێـر هەوڵ دەدات وەکو وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩خۆیان بگەیێنە قۆناغی هەشتەی پاڵەوانێتیەکە.

**پێشبینی سەرکەوتن بۆ یانەکانی کوردستانە**

بەپێـی پێشـبینیەکانی وەرزشـەوانانی کوردسـتان ئەنجامـی هەردوو یـاری بۆ یانەکانی کوردسـتانە، چونکە هەردوو یانە لەسەر یاریگای خۆیان یاری دەکەن، هەردوو یانـە دیمبۆی هینـدی و تامبینس ڕۆڤرز سـەنگافوری لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان ئەنجامیان وەکو پێویسـت نییە، بەڵام یانەی هەولێـر لە پێنج یـاری ڕابردوو،لە دەرەوەی یاریگای خۆی باشتر یاری کردووە .

**هاندەران ڕۆڵی خۆیان هەیە**

هاندەرانی هەردوو یانەکی کوردستان زۆرترین ڕێژەی بینەرن لە ئامادەبوونی یارییەکانی جامـی یەکێتی ئاسـیا، یانەی دهۆك لە پلەی یەکەم دێـت دوای ئەوەی ٥٢هەزار هاندەر لە سـێ یاری رابردووی یانەکەی لە یاریگاکان ئامادەبوون، یانەی هەولێریش لـە پلـەی دووەم دێـت دوای ئەوەی٤٧ هەزار هاندەر لە یارییەکانی یانەی هەولێر ئامادەبوون.

## لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن دینار بۆ چالاکییەکانی ئافرەتان تەرخان دەکات



بە ئامادەبوونی سـەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و سـەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەکـە، لە بـارەگای لیژنـەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردسـتان کۆبوونـەوەی ئاسـایی ئەنجامـدرا، لە کۆبوونەوەکـەدا چەندیـن تـەوەر خرانە بـەر باس و گفتوگۆکردن،ئەم بڕیارانەی خوارەوە دران.

١- سـەبارەت بە پێوەنـدی نێوان لیژنـەی ئۆلۆمپی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق و لیژنەی ئۆلۆمپی عێـراق، بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەردان کردنی شاری بەغدا و گفتوگۆکردن لە بارەی ئەو کێشانەی کە لە نێوان وەرزشی کوردستان و عێراقدا هەیـە، بە هەماهەنگی لەگەڵ سـەرۆك و ئەندامانی لیژنەی وەرزشـی لە پەرلەمانی عێراق و نوێنەرەکانمان لە عێراق.)

٢- سـەبارەت بـە هەڵبژاردنـی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی لە شـارەکان، لە ڕۆژانـی داهاتوو لە عێراق ئەنجام دەدرێت بڕیاردرا بـە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی هـەردوو نوێنەرایەتـی سـلێمانی و دهـۆك بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی (سەلاح حەسەن خەسرۆ) و ئەندامێتی(سەفین کانەبی و سەلاح محمد کەریم و سـەعید ئەحمەد و دکتۆرە کەژاڵ کاکە حەمە).

٣-دەربارەی لقی یەکێتیە وەرزشـیەکان بڕیاردرا دوای ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی هـەردوو نوێنەرایەتیەکە چارەسەری کێشـەکانیان بکرێت و سـەبارەت بە لقی یەکێتیە وەرزشییە تاکەکان کۆمیتەی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردسـتان بڕیاریدا بری یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاد بکرێت و بدرێتە بەو فێرکارانەی، کە لە هەڵبژاردەی شـارەکان کار دەکەن و سەر بەهیچ یانەیەك نین.

٤- لە بـارەی هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، کـە وابڕیارە لە ٧-٦ ئەنجام بدرێت،کۆمیتەی تەنفیزی هەڵوەستەی لەسەر کرد و بڕیاردرا لە ئاییندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوە لەگەڵ هەر ١٥ نوێنەرەکەی کوردستان ئەنجام بدات، کە مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم چوار نوێنەری کوردسـتان دەستنیشان بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئاییندەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق.

٥-سـەبارەت بە یاسـایی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردسـتان بڕیار درا بەدواداچوونی زیاتری بۆ بکرێت و سـەردانی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

٦-بڕیـاردرا بە دانانی بری شـەش ملیـۆن دینار بۆ چالاکییەکانـی ئافرەتان لە هەر چـوار پارێزگاکەی کوردستان لە ڕێگای نوسـینگەی ئافرەتانی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردسـتان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان.